# زێبرا و میتاگێڕانەوە و مەینەتییەکانی نووسین

**هاشم سەڕاج**

**(٢ - ٢)**

لە ئەدەبی کوردیدا ئەوەی من ئاگادار بم «سابیر ڕەشید» لە ڕوانگەی میتاگێڕانەوەوە، توێژینەوەیەکی بۆ ڕۆمانی «کاولاش»ی «عەبدوڵڵا سەڕاج» نووسیوە، هەروەها دکتۆرە «نصیرە زوزو» لە گۆڤاری «المخبر» «ئەلمەخبەر»ی ژمارە (١٢)ی ساڵی ٢٠١٦ بە لێکۆڵینەوەیەکی درێژ، لە ڕۆمانەکانی «واسینی ئەلئەعرەج» دەدوێت و باس لە خوێنەری بەشدار و بەرهەمهێنانی واتا دەکات، ئاخر ڕۆڵ و بەشداریکردنی خوێنەر لە بواری میتاگێڕانەوەدا، بابەتێکی گرنگ و کاریگەرە، دەق ئەگەر نەخوێنرێتەوە لە ڕەفەکانی کتێبخانەدا دەمێنێتەوە و تۆزی لەسەر دەنیشێت، کەواتە کردەی خوێندنەوە گرنگە، بە تایبەتی کاتێ تێکست، یان کاری ئەدەبی و هونەری شوێنەواری هەستەکی و جێکەوتی ئیستێتیکی و ئیرۆتیکی بەسەر دەروونی خوێنەردا جێ دەهێڵێت و جۆرێک لە کارلێک و ئاوێتەبوون لەنێوان دەق و وەرگردا دروست دەبێت و وەرگر بە ڕێکەوت درز و بۆشاییەکانی دەقی خوێنراو پڕ دەکاتەوە و واتای هەمەچەشن و ناوازەی پێ دەبەخشێت، بە تایبەتی لە تێکستی گێڕانەوە ئامێزدا کە بە تەکنیک و بنیادی میتاگێڕانەوە و هایپەرتێکست نووسراون و تێیاندا ڕەگەزی خەیاڵ و ئاوێتەبوون پشکی شێریان بەرکەوتووە، بێنە پێش چاوی خۆت.

خوێنەرێکی حەقیقی کە هەمیشە خوێنەرێکی پێوارە «غایبە» و ئاگای لە سەروبەندی جیهانی گریمانەکراوی دانەر نییە و لە کتێبخانەیەک بەڕێکەوت ڕۆمانی «زێبرا»ی کڕیوە و بە شێنەیی لەگەڵ فەزای دەق و ڕووداوەکان دەژیت و بەدوای چیرۆکی یەکەم و چۆنیەتی دیارنەمانی پاڵەوانە عاشقەکەیدا دەگەڕێت، ئەو کوڕە عاشقەی لەسەربانی مزگەوتەکە و لە میان دارمێوەکەوە چاوی دەبڕییە دلبەرەکەی و چاو چاوانێی لەگەڵ دەکرد و خۆشی دەویست، پاشان لەنێو تابووتێکدا ڕادەکشا، دەشێ وەرگرە پێوارەکە دەقی یەکەمی ونبوو، دەقی کوڕە عاشقەکە لە ڕێگەی خەیاڵکردن و خوێندنەوەیەکی خەیاڵکردەوە بدۆزێتەوە و لە پڕێکدا بە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە بۆ «جەبار جەمال غەریب»ی دانەری ڕۆمانی «زێبرا»ی بنێرێتەوە، یان ئەگەر بە ڕوانینێکی «ژاک دریدا»یی لە چەمک و واتای «ناو»ی باپیر (دانەر)ی دەقی زێبرا ڕامێنێین.. هەست دەکەین دانەر وەک غەریبێکی نێو ماڵبات و خانەوادە و کۆمەڵگا مەینەتییەکانی نووسین و نامۆیی دەنووسێتەوە، بە تایبەتی لەنێوەند و کۆمەڵگا و جیهانێکدا کە سەرچاوەکانی زانین و گۆڕانکاری بەخۆیانەوە دەبینن و خودی کتێب تا دێ ڕەزای قورس دەبێت و لە کۆمەڵگاکانی بەرخۆر و خۆخۆردا جوانییەکانی لەدەست



جەبار جەمال غەریب

دەدا.

**بەم**
**گەرد و گوڵی بەیانە**
**لەبەردەم باڵەخانەی**
**«سکای فۆن»**
**لیام**
**بینی**
**کۆستمێکی کەسکی**
**پۆشیبوو**
**پێدەکەنی**
**و**
**یاری بە مۆبایلەکەی**
**دەکرد و**
**جار جارە**
**دەستی بۆ نێو**
**جانتا نارنجییەکەی**
**لا شانی**
**درێژ دەکرد و**
**دانە دانە**
**کتێبی**
**دەردەهانی و**
**هەڵێدەدایە**
**سەر شۆستەکە**
«هـ. سەڕاج».

زمان بە سروشتی خۆی لێڵە، ئایرۆنی و پارادۆکسییە، دەشێ بەشێوەی ڕووکەش شتێ بدرکێنێت وەک واتا لە قووڵایی و لەودیو واتاکەدا مەبەستی شتێکی تر بێت، [فردیناند دی سوسێر ١٨٥٧-١٩١٣] زانای زمانەوانی سویسری و دامەزرێنەری زانستی نوێی زمان لە چەندان ڕەهەندەوە کاری لەسەر پێکهاتە و سیستمی زمان کردووە، زمان لای سوسێر ڕێکخستنێکە لە ئاماژەکان، ئاماژە، یان نیشانە لە پێوەندی نێوان «دال و مەدلول»ـەوە بەرهەم دەهێنرێت، سوسێر لەسەر کۆمەڵێک دوالیزم کاری کردووە، لەوانە ساتکرۆنی و دیاکرۆنی لای سوسێر زمان خەسڵەتێکی دەستەجەمعی هەیە کەلام، یان پەیڤ و قسە خەسڵەتێکی فەردانی و تاکەکەسییە، من لێرەدا بە پێویستی نازانم لە سەرجەم داتا و زانست و دوالیزمەکان بدوێم، زۆرتر مەبەستم لەو پێوەندییە هەڕەمەکییەی نێوان دال و مەدلوولە، کە چۆن لە ڕێگەی نیشانە و ئاماژەوە واتا و دەلالەت بەرهەم دەهێنێت و چۆن ئەم پێوەندییە و کێشەی مانا و دەلالەت چەندان بیرمەندی زمانی تووشی سەرسامی و سەرسوڕمان کرد، ڤیتگنشتاین بەدرێژایی ژیانی هەوڵی دا یاساگەلێک بۆ دەستنیشان کردنی واتا و دەلالەت دابنێت، دواتر بنیادگەرەکان بە هەمان شێوە هەوڵیان دا لە ڕێگەی پێوەندی نێوان دال و مەدلوولەوە، یاساگەلێک دابنێن بۆ دەستنیشانکردنی مانا، بەڵام دواتر «لاکان» سەلماندی کە پێوەندی نێوان «دال و مەلوول» جێگیر نییە لەبەر ئەمەشە لە کۆتاییدا مانا جێگیر و چەسپاو نییە، پاشان «ژاک دریدا» هات و سەلماندی کە جیاوازی لەنێوان دالەکاندا هەنووکەیی و بەشێوەی ئامادەیی نییە، لەبەر ئەمەشە مانا بەردەوام دوادەخرێت، مەبەستم ئەوەیە لە ڕێگەی زمانەوە لە پێوەندی نێوان دەق و وەرگر بدوێم، چۆن وەرگر دەتوانێت واتا بەرهەم بهێنێت، یان تێکست بهێنێتە پەیڤین و دواندن، بۆیە کردەی نووسین دەکەوێتە خانەی فەردانیەتی پەیڤی سوسێرەوە، دانەر خاوەن پەیڤ و فەرهەنگ و ستایلی تایبەت بە خۆیەتی، هاوکات حاڵەتەکە پێوەندی بە چۆنیەتی بیرکردنەوە و دنیابینی و گوتن و زەینییەتی خۆیەوە هەیە، یان لای ژاک دریدا دالەکان لە گەمەی گۆڕان و وەرگۆڕانی جیاواز و دواخستنی واتایی بەردەوامدان، دەمەوێ لەمەڕ پێوەندی نێوان دەق و وەرگر لە «هێرمس»ـەوە دەست پێ بکەم کە نێوەندگیری لەنێوان دەقی پیرۆزی خوداوەندی و خەڵکیدا دەکرد، لە دەقی ئاڵۆز و جوانی لێوانلێو لە

شیعرگەراییدا، یەکەی نووسینی تەمومژاوی و هێماییینی شی دەکـردەوە و کـۆدە داخـراوەکـانی دەکـردنەوە و دەلالـەتـەکـــــانـی لـێـک دەدایـەوە، بـۆیـە زاراوەی «هێـرمنیـوتیکا» لە ناوی «هێـرمس» و لە وشـەی «hermeneuin»ی یۆنانی بە واتای «تەفسیر بکە!»وە سەرچاوەی گرتووە.

لێرەدا هەوڵ دەدەم بە شێوازێکی خێرا و برووسکەیی ئامـاژە بۆ تێـزی چەند بیـرمـەند و ڕەخنەکـارێکی هێرمنیـوتیکی بکەم. بەشێ لەم پێوەندییە بخەمەڕوو، چونکە منیش ئێستـا وەک وەرگرێک کار لەسەر دەقی «زێبرا» دەکەم و هەوڵ دەدەم چێژ لە نووسینەکە وەربگرم و لایەنە هزری و نەگـوتراوەکـان بدوێنم و تارمـایی چیـرۆکی یەکـەمی ونبـوو بدۆزمـەوە و لەم نووسـینەدا بەشـێـوەی «نامـە»یەک بۆ دانەری بنێـرمـەوە، دەشێ سەبارەت بە تێزی «هێرمنیوتیکا»، یان «هێرمنیوتیک» کە واتای ڕاڤە و لێکدانەوەی فەلسەفی دەگەیەنێت، لە «فریدریک شلایر ماخر ١٧٦٨- ١٨٣٤»ەوە دەست پێ بکەین، شـلایر مـاخری فـەیلەسـوفی ئەڵـمـانی کـە لە ڕێسـای «تێگەیشتن»ـەوە ڕووی لە کـاری ڕەخنەکـرد، بە دامـەزرێنەری هێرمنیـوتیکا دادەنرێت دوای ئەو «فلهلم دلتـای ١٨٣٣- ١٩١١» فـەیلەسـووف و دکـتـۆری دەروونی ئەڵـمـانی کـە لەگـەڵ شـلایر مـاخـر لە یەک سەردەمدا ژیاون، دلتای دەیگوت: پێویستـە فەلسـەفە پێـوەندییـەکی توندوتۆڵ و تۆکـمـەی بە زانینی ژیانەوە هەبێت، بایەخی بە هۆشـمـەندی و مـێژووگـەرایی بوونی مرۆیی دەدا، لای دلتای مرۆڤ بوونەوەرێکی مێـژووییە لەنێـو «زەمـان»دا دەژیت و لە کـۆتاییـدا ئەوەی بوونی دەسـتـنیـشـان دەکـات، جگە لە لەدایکبـوون و مـردن، شتێکی تر نییە، لەبەر ئەم هۆکارەش بوو زۆرتر بایەخ و گـرنگی بە فـەلسـەفـەی ژیان دەدا، پاشـان زاراوەی هێرمنیوتیکای لە بواری لاهووتەوە بۆ جیهانی فەلسەفە و زانستە مرۆییەکان گواستەوە، دواتر مارتن هایدگەر «١٨٨٩- ١٩٧٦» هەمـان زاراوەی بۆ خـوێندنەوەی سروشتی بوونی مرۆیی بەکاربرد، تا وای لێهات زۆربەی بیرمەندان ڕوویان لە تەئویلی هێرمنیوتیکی کرد و وەک تاقە ڕێگایەک بۆ خوێندنەوە و لێکدانەوەی دەقی ئایینی و مێژوویی و شیعری و فەلسەفی بەکار برا، پاشان تێز و تیوری هێرمنیوتیکا لای «هانزجۆرج گادامێر ١٩٠٠- ٢٠٠٢» فـۆرمی نوێکاری و قـووڵـی و فـراوانی بەخـۆیدا بینی لە بواری هزری ئێستێتیکیدا جەختی لەسەر چەمکی یارییەکی ئازاد کرد لە ڕێگەی زەین و خەیاڵەوە ئەنجـام بدرێت، بەو وەسـفـەی هونەر یاری و هێـمـا و ئاهەنگسـازییە لە کـتێبی «تجلي الجـميل» کـە دکـتـۆر «سەعید تۆفیق» کردوویەتی بە عەرەبی، تێیدا گادامێر بە وردی لە تێـزی هیـرمنیـوتیکا دەدوێت و چۆنیـەتی هاوبەندبوونی «تلاحم» ئاسۆکان دەدرکێنێت و کۆمەڵێک پرس دەخـاتـە ڕوو، لەوانە چەمکی نامـۆیی، هۆشـمـەندی ئێـسـتـێـتـیکی، شـارەزایی هونەری و فـینۆمـینۆلۆجی، مەودای مێژوویی دەق، kalon کالۆن کە لە یەک کاتدا واتای ڕەوشـتی و جـوانی دەبەخـشـێت، گـادامـێـر لە ڕوانگەی هێـرمـنیـوتیکی و تێـزی هاوبەندبوون و پێکەوەلکانی ئاسـۆکـانەوە کـاری لە کـۆمـەڵێک دەقی شـیـعـریدا کـردووە، لەوانە تێکسـتـەکـانی هەریەک لە گووتێ، هێلدەرلین، ڕیلکە، پۆل سیلان...تاد

پێی وایە تەفسیر کردنی دەق بێ تێگەیشتن و دیالۆگ جێبـەجێ ناکرێت، بۆیە لە بواری هێرمنیـوتیکا، یان لێکدانەوەی فـەلسـەفـیـدا وێڕای ئەم خـاڵانەی سـەرەوە جـەخـتی لەسـەر توخـمی تریش کـردووە، لەوانە یاری، ئاهەنگسازی، تێپەڕاندنی مەودای زەمانیی تێکست لە ڕێگەی چەمکی مـێـژووی کـاریگەر و کـارتێکەری بەردەوامەوە. لێرەدا مەبەست لە ئارەزووی تێگەیشتن و بەشداری کردنە لە کاری هونەری، یان ئەدەبیدا، گادامێر لە گـەمـە ڕاڤـەییـە هێرمنیـوتیکییـەکـەیدا بانگەشـەی پشتگوێ خستنی «میتود»ی دەکرد، ئەوەی ڕاستی بێت لەم نووسین و خـوێندنەوەیەدا، حـەز ناکـەم لە بابەتە سەرەکییەکەی خوێندنەوەی دەقی زێبرا و مەبەستییەکانی نووسین دووربکەومـەوە، بەڵام لە هەمـان کـاتدا دەمـەوێ بەشێوازێکی خێرا و برووسکەیی لە پێوەندی نێوان دەق و وەرگـر بدوێم، خـوێنەر چۆن بەشـداری لە کـردەی هەڵـوەشـانـدنەوەی دەق و لـێکدانـەوەی دەلالـەتـە نەگـوتراوەکـان دەکـات و درز و بۆشـاییـەکـانی دەق پڕ دەکـاتـەوە، چونکە بەپێی ڕوانینی «ڕۆمـان ئینگاردن- ١٨٩٣- ١٩٧٠»ی بیـرمـەندی بە بنەچە پۆلەندی و قوتابی «ئیدمۆند هوسرڵ ١٨٥٩-١٩٣٨» دەق لە خودی خۆیدا گـۆشـە هێـڵکارییـەکـانی پێشکەش دەکـات و لەوانەیە لە مـیـان ئەم گـۆشـە هێـڵکارییـانەوە کـەشف بکرێت، هەروەها ڕەخنەکاری عەرەب «عامر عبد زید» لە نووسینێکدا لەبیرمەندە هێرمنیوتیکییە هاوچەرخەکان دەدوێت، لەوانە بیـتێ Betti و پۆل ڕیکۆر و هێرش کـە پێیان وابوو گادامێر لە مشتومڕە هێرمنیوتیکییەکەیدا

بایەخی بە «میتود» نەداوە، بۆیە ئاماژە بە تێزەکانی هەریەک لە شلایرماخر و دلتای دەدەن، بە تایبەتی «پۆل ریکۆر ١٩١٣- ٢٠٠٥» هەوڵ دەدا لە بواری تەفسیری دەقدا چەشنی شلایر ماخر تیورێکی بابەتی دابمەزرێنێت، یان هێرمنیوتیکایەک وەک زانستێک لە بواری ڕاڤە و لێکدانەوەی تێکستدا پشت بە میتودی بەهێزی بابەتی ببەستێت کەشی بایەخ نەدان بە میتود تێپەڕێنێت کە گادامێر جەختی لەسەر دەکرد.

بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی پێوەندی نێوان دەق و وەرگر و گەڕان بەدوای واتا، کە لای «جاک دریدا» دوادەخرێت و هەرگیز دەستمان پێی ڕاناگا، هەوڵ دەدەم بە هەمان شێوازی برووسکەیی لە تیوری وەرگرتن و ئیستێتیکای وەرگرتن و تیوری پێشوازی لێ کردن بدوێم، ئەمجار هەمیسان بگەڕێمەوە سەر بابەتی «زێبرا» و مەینەتییەکانی نووسین و چەمکی میتاگێڕانەوە و هایپەرتێکست، شاعیر و ڕەخنەکار دکتۆر باسم ئەلقاسم، لە نووسینێکدا تایبەتمەندییەکانی هەریەک لە تیوری وەرگرتنی ئەڵمانی و تیوری پێشوازی لێ کردنی ئەمریکی لە یەکتر نزیک بکاتەوە، هەروەها «یوسف لعجان»ی نووسەر و ڕەخنەکار پێی وایە تیوری وەرگرتن پرەنسیپ و بنەماکانی لە فەلسەفەی فینۆمینۆلۆجیا وەرگرتووە، ئامانجی ئەم تیورە بەشداری کردنی کردەیی وەرگرە.

لە پرۆسەی ڕاڤە و لێکدانەوە و خوێندنەوەدا، هاوکات گەشە و پێشخستنی زەوق و چەشەی ئیستێتیکییەتی، چۆن وەرگر لە ڕێگەی دیالۆگ و پڕکردنەوەی درز و بۆشاییەکانی دەقەوە لە بوونەوەرێکی بەرخۆرەوە دەگۆڕدرێت بۆ بوونەوەرێکی بەرهەمهێن. (یوسف لعجان) ئاماژە بۆ خوێنەری ناوەکی لای ئایزەر و خوێنەری نموونەیی لای ئیمبرتۆ ئیکۆ دەکات، تیوری وەرگرتن ڕەگوڕیشەی بۆ فەلسەفەی فینۆمینۆلۆجیای ئەڵمانی دەگەڕێتەوە، بە تایبەتی لە ڕووی زاراوەی «وەرگر»ەوە، ئەم تیورە لە قوتابخانەی، یان لە زانکۆی «کۆنستانس» و لەلایەن دوو مامۆستای بەناوبانگی ئەم زانکۆیە کە بریتیبوون لە «هانز روبرت یاوس» و «ولفغانغ ئایزەر».. یاوس قوتابی گادامێر بووە و لە زانکۆی «هایدیلبیرغ» لەسەر دەستی ئەو خوێندنی تەواو کردووە، یاوس وێڕای سوودمەندبوونی لە تێزی هاوبەندبوون و توانەوەی ئاسۆکانی گادامێر، سوودی لە ڕەگەزی شیعرگەرایی «فۆرمالیستەکانی ڕووس»یش بینیوە، هەندێ ڕەخنەکار ناوی «ستانلی فیش»یش دەخەنە ریزی یاوس و ئایزەرەوە سەبارەت بەزانکۆی کۆنستانس و تیوری وەرگرتنەوە، تیوری وەرگرتن، یان ئیستێتیکای وەرگرتن جەخت لەسەر چەمکی «ئاسۆی چاوەڕوانی» دەکات، واتە چۆن ئاسۆی وەرگر لەگەڵ ئاسۆی دەق ئاوێتە دەبن، یان بەریەک دەکەون، بەڵام تیوری پێشوازی لێ کردن «الاستقبال» لە ڕەخنەی نوێی ئەمریکییەوە سەری هەڵداوە و بە ڕەخنە و تێزی ئەنگلۆ ئەمریکی نێوزەد دەکرێت و بۆ هەوڵ و کۆششی ئەم ڕەخنەکارانە دەگەڕێتەوە، جوناسان کلێر، نۆرمان هۆلاند، دیڤید بلیش، مایکل ریڤاتێر، بەڵام سەبارەت بە تیوری وەرگرتن، ئایزەر لە کردەی خوێندنەوەدا ئاماژە بە دوو جەمسەر دەدا، جەمسەری هونەری دەخرێتە پاڵ دەقەوە، وەک بەرهەمی دانەر، جەمسەری ئیستێتیکی پەیوەستە بە خودی وەرگرەوە، واتە وەرگر چۆن لە ڕێگەی تێگەیشتن و خەیاڵ و ڕاڤە و لێکدانەوەی زەینییەوە دەق بەرەو ئەتمۆسفێرێکی بێ سنوور دەگوازێتەوە و دووبارە بەرهەمی دەهێنێتەوە و مۆرک و خەسڵەتێکی ئیستێتیکی پێ دەبەخشێت، یان بەشێوەیەکی تر ئەوە وەرگرە شیعرگەرایی و ئیستێتیکا بە دەق دەبەخشێت و واتا نەگوتراوەکان



دەدۆزێتەوە، ئەگەر لە هەمان ڕوانگەی خوێندنەوە و بۆ هەوڵە هەڵوەشانەوەگەرییەکانی «ژاک دریدا» بڕوانین، هەست دەکەین لای دریدا چەمکی واتا دەکەوێتە نێو هاوکێشەی جیاوازی و دواخستنەوە و بەردەوام گۆڕانکاری بەسەردا دێت، دەشێ هەندێ لایەنی ڕوانینەکەی دریدا بۆ چەمکی واتا لە تیۆرە زمانەوانییەکانی «فردیناند دی سوسێر»ـەوە سەرچاوەی گرتبێت، بە تایبەتی پێکهاتەی زمان کە لای سوسێر ڕێکخستنێکە لە ئاماژە، وێڕای هاودژی و بەرانبەرە زمانەوانییەکان، ئەمانە و زۆر ڕێسا و بنەمای تریش کار لە دەستنیشانکردنی واتا دەکەن، بۆیە لای دریدا گەیشتن بە واتای بنەڕەتی و ڕاستەقینە مەحاڵە، دریدا خۆبەدەستەوە نەدانی واتای دەق بەکردەی دواخستن نێوزەد دەکات، یان بە شێوازێکی تر دەق هەمیشە چەشنی جەستەیەک هەوڵ دەدا واتای خۆی بەدەستەوە نەدا، هاوکات واتای دەق لە خوێنەرێکەوە بۆ خوێنەرێکی تر دەگۆڕدرێت، بۆیە واتای پێش وەخت هەرگیز بوونی نییە، دەشێ چەمکی خۆ بەدەستەوەنەدانی واتا لای دریدا لەگەڵ هەندێ هزر و ڕوانینی «نیتشە» و «لاکان» تێک بکاتەوە، لای نیتشە شتێک ون بووە و تا ئەبەد نادۆزێتەوە، ڕەنگە ئاماژە بێت بۆ واتا، یان چەمکی وەهم و وێنە لای «لاکان» لە قۆناغی ئاوێنەدا «من و خۆم» کە منداڵ لە قۆناغی ئاوێنەدا یەکەم جار ڕووبەڕووی وێنەی خۆی دەبێتەوە، وێنەی خۆی جگە لە وەهمێک واتایەکی تری نییە، پاشان ئەم چەمکەی «لاکان» دەبێتە دەسپێکی سەرهەڵدانی تێزی پۆست مۆدێرن.

دەکرێ لە دەقی «زێبرا»دا بە هەمان شێوە خوێنەر ڕووبەڕووی خۆبەدەستەوە نەدانی «واتا» ببێتەوە، خوێنەر بۆی هەیە لە زێبرادا لە میانی دیالۆگ و مەنەلۆگ و میتاگێڕانەوە و کەسایەتی و کات و شوێن و بینای گێڕانەوە و تۆپۆگرافیای دەقەوە، بە ڕوانینی «دریدا» و لە زانستی نووسیندا بەدوای شوێنەوار «الأثر» Trace بگەڕێت- زمانی شوێنەوار پرۆسەی نووسینە، نەک پێکهاتە دەنگییەکان، چونکە زانستی نووسین لای دریدا بایەخ و گرنگی بە هونەری خوێندنەوە دەدا و کردەی نووسین لە هەژموونی دەسەڵاتی دەنگ و دوان و چەقگەرایی واتا ڕزگار دەکات- دریدا پێی وا نییە بیرۆکە و واتای ئامادە و پێش وەخت پێش شوێنەوار بوونی هەبێت، دریدا کار لەسەر دال و گۆڕان و وەرگۆڕانی «دالەکان» دەکات و پێی وایە ئەوە «دال»ـە جۆرێک لە شوێنەوار لە هەست و هزر و زەینی مرۆڤدا جێ دەهێڵێت و بەهۆیەوە وەرگر لە مەبەست و چەمک و ئامانج نزیک دەکەوێتەوە و لە ڕێگەی شوێنەوارەوە فرەواتایی دەخوڵقێنرێت.

دریدا لە تێزی هەڵوەشانەوەگەرایییدا جەخت لەسەر هەوڵ و کۆشش و گەڕان و بەرهەمهێنانی واتای وەرگر دەکات، چونکە لە دەقدا واتای پێشوەخت و چەسپاو و نەگۆڕ بوونی نییە، لەبەر ئەوەی لای «ژاک دریدا ١٩٣٠-٢٠٠٤» دەق بریتییە لە کێشەی گەورە و (aporia) ئەپۆریا، وشەیەکی کۆنی یۆنانییە و واتای هاودژی و کۆد و لوغز و ڕێگای داخراو دەگەیەنێت هەمیشە تێیدا واتا بە جیاوازییەوە دوا دەخرێت، هەڵوەشانەوەگەرایی هەوڵ دەدات درز و لوغز و هاودژییە شاراوەکان ئاشکرا بکات، هەروەها دەکرێ بە ڕوانینێکی «لاکان»ی نیگای دەقی «زێبرا» بکەین، چەشنی «دال»ێکی پاک و پەتی مامەڵەی لەگەڵدا بکەین، لای لاکان دالی پەتی، دالێکی خۆڕاگر و بەهێزەو ئاماژە بۆ هیچ مەدلوولێک ناکات، «زێبرا» وەک دالێک لە دووتوێی دەقدا دوو، تا سێ جار بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ئاماژەی بۆ دراوە، ئەگەر بە هەمان دیدی دریدایی لە دالی زێبرا بڕوانین، هەست دەکەین لەگەڵ کردەی نووسین تا دێ واتای دالی زێبرا دوادەخرێت و لەگەڵ گۆڕانکاری هەر ڕستە و دەستەواژەیەکیش واتاکە گۆڕانکاری بەسەردا دێت، واتە هەر تاقە وشەیەکی بخرێتە سەر نووسینەکە وەک داتا و زانیاری دەستەواژەکە دەگۆڕدرێت و واتای کامڵی زێبرا دوادەخرێت و وشەی زێبرا واتاکەی بەجیاواز بوونی لە وشەی شێر و پڵنگ وەردەگرێت، چونکە وشە لێرە لە فەزای دەقدا واتاکەی لە دەرەوەی خۆی وەرناگرێت، بەشێوازێکی تر وشەی زێبرا لێرەدا واتاکەی لە پێوەندی ئەو زێبرا ڕاستەقینانە وەرناگرێت کە لە جیهانی دەرەکی و دارستانەکاندا بوونیان هەیە، چونکە لای دریدا خودی وشە و واتاکەی بەپێی نەسەق و سیستمی زمان لە پێگەکەی وەردەگرێت وەک ئەو سێوەی کە [شارل بۆدلێر] لە دەقێکدا ئاماژەی بۆ دەدا، پێوەندی بە شێوەکانی دەرەوەی نووسینەکەوە نییە، بەڵکو سێوێکە واتا و دەلالەتەکەی لە پێکهاتە و سیستمی زمانەوە وەردەگرێت و واتای هەموو شتێکیش کە دەری دەبڕین، دوادەخرێت و پشت بەو زیادەییە دەبەسترێت کە لەگەڵ کردەی نووسیندا دەخرێتە سەری.

چەمکی جیاوازی و دواخستن لای دریدا لایەنێکە لە لایەنەکانی زمان، کاتێ مامەڵە لەگەڵ دەقێکی نووسراو دەکەین، لە ئامادەیی ڕزگارمان دەبێت، چونکە دانەری دەق ئامادە نییە و سەرنجەکانی خۆی لە بارەی ئالۆزی و کۆد و ڕێگا داخراوەکان بخاتە ڕوو، بەڵکو خوێنەری وەرگر لەگەڵ لێڵی و ئالۆزی زمانی دەقەکەیدا دەژیت، بۆ دەوڵەمەندکردنی بابەتی جیاوازی و دواخستن لای دریدا، سوودم لە بابەتێک وەرگرتووە بەنێوی دریدا و هیچ شتێک لە دەرەوەی دەقدا بوونی نییە، «لە ماڵپەڕی توێژەرە سوورییەکان»دا بڵاوبۆتەوە و [ئالا مەهد ئیسماعیل» ئامادەی کردووە، هەروەها خودی خوێنەر لە گریمانەی دانەر و ڕەخنەکار و بیرمەندە تەئویلییەکاندا بۆ چەندان جۆر دابەش کراوە، هەر بیرمەندێک لە جیهانی نووسین و لێکدانەوەدا جۆرێک لە خوێنەری دیاری کردووە، دەکرێ لێرە بەشێک لەو خوێنەرە پۆلێنکراوانە بخەمەڕوو کە لە جیهانی گریمانەکراوی کردەی نووسین و ڕاڤەدا بۆ سەر ئەم جۆرانە دابەش کراون:

ئیمبرتو ئیکۆ = خوێنەری نموونەیی

ئایزەر = ناوەکی

وۆلف (wolff) = چاودێر، یان بە ئامانجگرتن «المستهدف»

میکائیل ڕیفاتیر= سەرکەوتوو، کۆکەرەوە «الجامع»، یان جیاکار و باڵاترین خوێنەر.

ستانلی فیش = میسالی، یان هەواڵگر «المخبر»

سارتر = گشتی

دریدا = هەڵوەشێنەر

بارت = هیدونی/ شەهوانی

میشێل بیکار= خوێنەری واقیعی بۆ سێ جۆر پۆلێن کراوە و جەخت لەسەر خوێنەری یاریزان کراوە.

لیندا فیلد = ڕووت، پەتی «مجرد»

ڕۆمان ئینگاردن = میسالی

یاوس = مێژوویی

میشێل چارڵس = خەیاڵکرد «تخيلي»

بۆ نموونە لای ئیمبرتۆ ئیکۆ خوێنەری نموونەیی.. وەرگرێکە بۆ یەکەیەکەی وێستگە مەعریفییەکانی دانەردا تێدەپەڕێت، لای ئایزەر خوێنەری «ناوەکی» لە چرکەکانی نووسیندا وەرگرێکی شاراوە و ناوەکییە. نزیک لە دنیابینییەکانی دانەر، یان بەشێکە لە ڕوانینەکانی، بەڵام تزفیتان تۆدۆرۆف لە خوێندنەوەی شیعری، یان شاعیرانەدا بەشێوەیەکی تر جەخت لەسەر خوێنەر و خوێندنەوە دەکات، مەبەستی ئەوەیە دەق لە میان کۆد و ڕەوتی هونەرییەوە بخوێنرێتەوە تا ئەوەی لە کانگا و قووڵایی تێکستدایە بدۆزرێتەوە، هەروەها مەبەست لە خوێنەری گریمانەکراو، لە تیوری وەرگرتن و ئیستێتیکای وەرگرتندا، بە تایبەتی لای «ئایزەر» خوێنەری «ناوەکی» دەگرێتەوە کە بریتییە لە خوێنەرێکی گریمانەکراو کە نووسەر بە ئاگایی، یان بەبێ ئاگایی دەیشارێتەوە، لەبەر ئەوەی دانەر لە تێکستدا وێنەیەک سەبارەت بە خۆی دەخوڵقێنێت وێنەیەکی تریش سەبارەت بە خوێنەرەکەی، ئێستا پێم باشە سەبارەت بە جۆرەکانی خوێندنەوە لە تێزی [ڕۆلان بارت ١٩١٥-١٩٨٠» بدوێم.

بارت لە زۆرترین بواری ئەدەبی و هونەریدا کاری کردووە، لەوانە سیمیۆلۆجیا، ڕەخنەی ئەدەبی، مێژوو، مۆدێل، وێنە، فۆتۆگراف، شێوەکاری، سیناریۆ، ئەفسانە...تاد کاریگەری هەبووە لە پێشخستنی قوتابخانە هزری و ڕەخنەییەکانی وەک بنیادگەری، مارکسیزم، پاش بنیادگەری، بوونگەرایی، سیمیۆلۆجیا، ڕۆلان بارت لە پاڵ فووکۆ و دریدا و لاکان و دولوزدا بە یەکێک لە بیرمەندانی پۆست مۆدێرن دادەنرێت، بارت لە بواری ڕاڤە و خوێندنەوەدا وێڕای جەختکردنی لەسەر خوێنەری (هیدونی- شەهوانی) کە وەرگرێکی پاک و بێ بەری نییە، خودی وەرگر لە ڕووی دەروونییەوە بۆ چەند چەشنێک پۆلێن دەکات. هاوکات بارت لە تێزە ڕاڤەییەکەیدا، کردەی خوێندنەوە و مامەڵەکردن لەگەڵ دەق بۆ دووجۆر دابەش دەکات.

١- لەوانەیە خوێنەر کاتێ کتێبێک، یان دەقێک دەخوێنێتەوە، چێژ و خۆشی لەو بابەتە وەربگرێت کە دەیخوێنێتەوە، بارت لە کتێبی «چێژی دەق»دا بە دووروودرێژی لە چەمکی چێژ و خۆشی دەدوێت.

٢- خوێنەر لە کاتی خوێندنەوەدا ئامرازێک دەدۆزێتەوە و بەهۆیەوە لەو واقیعە دوور دەکەوێتەوە کە تێیدا دەژیت و ئاشنایەتی لەگەڵ جیهانە شیاوەکان «ممكنات» پەیدا دەکات، چونکە چێژی خوێندنەوە لای بارت جۆرێکە لە غەیبوبە، لەهۆش خۆچوون.

دەشێ من وەک خوێنەرێک لەدەسپێکی خوێندنەوەی دەقی «زێبرا»دا بە جۆری یەکەمی خوێندنەوە تێپەڕبووبێتم و چێژ و خۆشیم لە دەق بردبێت و هاوکات ڕۆمانی «زێبرا» لە ڕێگەی خەیاڵ و خەیاڵ بردنەوە، بەرەو جیهانە شیاو و گونجاوەکانی بردبێتم، بۆیە لێرە لەم خوێندنەوەیەدا زۆرجار لە بابەتی زێبرا و مەینەتییەکانی

نووسین دادەبڕێم و ڕوو لە جیهانی ڕاڤە و چۆنیەتی مامەڵەکردنی خوێنەر لەگەڵ دەقدا دەکەم، ڕەنگە ئەم هەوڵەشم پێوەندی بەچێژی دەق و دەوڵەمەندکردنی بابەتەکەوە هەبێت، چونکە دەتوانم بڵێم من وەک خوێنەرێکی پێوار «غائیب» هەوڵم داوە کار لەسەر دەقی زێبرا بکەم، بە ڕێکەوت چۆن کارم لەسەر ڕۆمانی «کەوتنی ئاسمانەکان» کردووە، ئەمەش بە هەمان شێوە، مەبەستم ئەوەیە ئاگاداری خوێنەرە گریمانە کراوەکانی دانەر نیم، یان بە تێز و ڕوانینی دریدایی، دانەر «جەبار جەمال غەریب» لەکاتی خوێندنەوەدا ئامادەیی نییە تا لوغز و کۆد و ئەپۆریا و هێما زمانییەکان شی بکاتەوە و دەرچەیەک لە ڕێگا داخراوەکانی سیستم و پێکهاتە زمانییەکانی دەق بکاتەوە - بۆیە کردەی خوێندنەوە لەم حاڵەتەدا پەیوەست دەبێت بە زەوق و چەشە و باکگراوندی وەرگرەوە و لە ئاستی پاشخانی مەعریفی دەدوێ و دنیابینییەکانی لە مەڕ ئەتمۆسفێر و بیرکردنەوەی دەقەوە دەخاتەڕوو، دەشێ زۆرجار ئاسۆی چاوەڕوانی بەریەک بکەون، یان ئەوەتا خوێنەر لە فەزای دەقدا دووچاری جۆرێک لە نەشئە و غەیبوبە بێت، بە تایبەتی لە مامەڵەکردنی لەگەڵ دەقی کراوەدا کە لێوانلێوە لە دەلالەت و واتای نەگوتراو، هاوکات هەڵگری ڕەگەزی شیعرگەراییە، دەکرێ ئەو دەقەی کە خوێنەر پێشوازی لێ دەکات، بە تێکستی ئاڵۆزی جوان نێوزەد بکرێت، بەپێچەوانەی دەقی داخراو کە هەڵگری یەک دەلالەتە، یان دەقی مردوو کە تێیدا هەست بە جووڵەیەکی ئیستێتیکی و دەلالی ناکرێت و خوێنەر ڕۆشناییەکی تێدا نادۆزێتەوە کە ڕووی تێ بکات، ئەگەر هەمیسان لە ڕووی جۆری نووسینەوە بۆ لای «ڕۆلان بارت» بگەڕێینەوە، باس لە دوو جۆرە نووسین دەکات:

١- «lisible - لیسیبل» دەقێکی سادە و ساکار و بانگەشەییە و تەنیا ڕەچاوی یەک ڕاڤە و لێکدانەوەی لێ دەکرێت و دەقی خوێنەرانەیە.

٢- «Scriptible - سکریپتیبل» دەقێکی قووڵ و فرەواتایی و دەلالییە.. زیاتر لە یەک ڕاڤە و لێکدانەوە لەخۆ دەگرێت و دەقی نووسەرانەیە، وەک گوتم چێژی خوێندنەوە لای بارت، جۆرێکە لە غەیبوبە لە پێوەندی نێوان ژن و مێردێک دەکات، کاتێ مێردەکە سەرقاڵی خوێندنەوەیە، ژنەکەی وا هەست دەکات چێژی کتێبە وا لە مێردەکەی دەکات چێژی جەستەی ئەوی بیر بچێتەوە، بۆیە غیرەی لێ دەکات، دەق لەلای بارت بریتییە لە جەستە، چجای ئەو دەمەی جەستەی شاراوەی دەردەخات، جەستەیەکە پڕاوپڕ لە نەشئە و چێژی ئیرۆتیکی.

من وای بۆ دەچم خوێنەر لە جۆری دووەمی خوێندنەوەدا مەرگی نووسەر- دانەر- ڕادەگەیەنێت، کاتێ خەیاڵ دەیبا و لە کتێبەکە دادەبڕێ و دووری دەخاتەوە- لێرەدا کتێب وەک ئامرازێکە- ڕوو لەجیهانە شیاوەکەی خۆی دەکات و لەو واقیعەی دادەبڕێت کە تێیدایە و لەگەڵ حەز و خولیا و چێژ و خەیاڵی خۆیدا دەژیت، چونکە چێژی تێکست لای ڕۆلان بارت زۆرجار دەگاتە ترۆپکی پۆرنۆگرافی Poynographe و وەرگری هیدونی بەردەوام لە خەیاڵ و کەڵکەڵەیەکی شەهوانیدا دەژیت، ڕۆلان بارت سەرەڕای جەختکردنی لەسەر خوێنەری هیدونی.. لەڕووی سایکۆلۆجییەوە ئاماژە بۆ چەندان جۆر خوێنەری دیکە دەکات، لەوانە خوێنەری فتیشیست، خولیایی، پارانۆیا، هیستیری، لە خوێندنەوەیەکدا لە بارەی ئەم جۆرە خوێنەرانە دواوم، بەڵام فیتیشی، یان فیتیشگەرایی سێکسی، یان ئیرۆتیکی هەستکردن و چێژبردنی سێکسی کەسێکە لە هەندێ کەلوپەلی دیاریکراو و بەرچاوکەوتوو، کەسی تووشبوو لە دەروونناسیدا، بە فتیشیست ناودەبردرێ و جەخت لەسەر چەند بەشێکی جەستە دەکات، وشەی fetish بە واتای بت و پەرستن و گیرۆدەیی دێت، لە بنەڕەتدا پێوەندی بە سرووتی ئایینییەوە هەیە، پیاوی فتیشیست بە هیتروسیکسوالیس Heterosexhal ناودەبرێت، مەیلی سێکسییان لەسەر خانمان و ئەو کەرستە و ئامرازانەیە کە زۆربەیان پێداویستین و خانمان بەکاریان دەهێنن وەک ستیان، چەکمە، پێڵاوی پاژنە بڵند، دەسکێش، قژگرە، ملپێچ، ئاوەڵکراس، جلی ژێرەوە، بەشێوەیەک گیرۆدەی شتگەلی خانمان دەبن، حەزیان لەبەرکەوتن و دەست بۆ شت بردن و بۆنکردن و لستنەوە و چێژ بردنی سێکسییە، کە جۆرێکە لە ڕیزپەڕی (شذوذ) هۆمۆ سێکسوالیس ho-mosexhals هەمان مەیلی سێکسی هەیە بۆ شتگەل و ئامرازەکان، یان ئەو پێداویستییە تایبەتیانەی بەکار دەبرێن.

لای (ڕۆلان بارت) خوێنەری فتیشت چێژ لە دەقی کونکراوە و پارچە پارچە بوونی وشە دەبینێ و خۆیشی وشە ڕێک دەخات، کەواتە دەبێ بڕوا بەوە بهێنین کە کردەی نووسین ڕێژەیەکی زۆری لە «ناخود ئاگا»وە سەرچاوە دەگرێت، ناخود ئاگاش لای «لاکان» فۆرم و

پێکهاته و بنیادێکی زمانی هەیە و بەشێوەیەکی تایبەت بەخۆی بیردەکاتەوە، ئەگەر لە ڕوانگەی «گادامێر»ـەوە لە پێکهاتە و ئەدەبیاتی نێودەق بڕوانین، ئاخۆ وەرگر، یان ڕاڤەکار چۆن ماسک و هێما زەینی و سایکۆلۆژییەکان لە یەکتر جیا دەکاتەوە، مەبەستم دەقی ئاڵۆز و جوانە، درەوشاوە بە ڕەگەزی شیعرگەرایی، وەرگر بە دیالۆگ و گەمە و ئاهەنگسازی و تێگەیشتنەوە پێشوازی لێ دەکات، لێرەدا دەمەوێ بڵێم دەشێ ئەتمۆسفێری ڕەخنەی ئازاد لای «بارت» لە هەندێ ڕووی کارکردن و سەربەستییەوە لە تێز و فەزای بێ میتودیەتی «گادامێر» نزیک بێتەوە، «زێبرا» و گەڕان بەدوای ئەو تیور و توێژینەوانەی لە پێوەندی نێوان دەق و وەرگر دەکۆڵنەوە، ئێستا هەمیسان دەگەڕێمەوە نێو جیهانی زێبرا و میتاگێڕانەوە و هایپەرتێکست و تێمای مەینەتییەکانی نووسین، لێرەدا دەمەوێ بڵێم لە بارەی چەمک و زاراوەی میتاگێڕانەوە، یان میتادەق وێڕای سەرچاوەکانی پێشوو کە ئاماژەم بۆ داون، سوودم لە نووسینێکی ڕەخنەکار خاتوو (ئەمانی ئەبو ڕەحمە) وەرگرتووە، هەروەها سەبارەت بە چەمکی زاراوەی هایپەرتێکست لە نووسینێکی مامۆستای زانکۆ خاتوو «ئیمان یوونس».

زاراوەی هایپەر تێکست زاراوەیەکی نوێیە و دوای بڵاوبوونەوەی کۆمپیووتەر.. جیرار جینێت ساڵی ١٩٨٢ پێشنیاری کردووە. ئێستا دەگەڕێمەوە نێو گێڕانەوە و میتاگێڕانەوەکانی تێکستی زێبرا، کچەی عاشق چۆن چرکەکانی نائومێدی دەگێڕێتەوە کە یەکێکە لە قوربانییەکانی عیشق، لە عیشقدا گەڕانەوە نییە، مردن هەیە و بەس! عیشق هێزێکی بێ سنوورە یاری بە مۆنادەکان و مۆرفیم و فۆنیمەکانی زمان دەکات، ئەوە گێڕەرەوەیە دەڵێ: [تەنها عەشقە زەڕە زەڕی کەر دەگۆڕێت بە ئاوازی دەریاچەی قووی چایکۆڤسکی» لێرە لە ژوورە پیس و بۆگەنەکەی پیرەمێردەکەی سەر عەرەبانە، دیالۆگێکی ئاڵۆز و ئایرۆنی لەنێوان گێڕەرەوە و کچۆڵە عاشقە سۆزانییەکە بەردەوامی بەکردەی نووسین دەدا و خەریکە واتاگەلێکی شاراوە شی دەکرێنەوە، چارەنووسی کوڕەی عاشق کە لە بانی مزگەوت و لەنێوان گەڵامێوەکانەوە دڵداری دەکرد و هەوڵی دەدا بە دلبەرەکەی شاد بێت، بەڵام دەقی زێبرا لەم دیالۆگە هەوڵ دەدا بە ئاماژەیەکی خێرا بۆ ڕۆمانی «خۆشەویستی لەسەردەمی کۆلێرادا»ی گابرێل گارسیا مارکیز، چەمکی عیشق بە دنیابینییەکی جیاواز شی بکاتەوە، مارکیز سەبارەت بە ڕۆمانەکە دەڵێ «ئەم خۆشەویستییە لە هەموو کات و شوێنێکدا دەمێنێت، بەڵام هەرچەند لە مردن نزیک بکەوێتەوە بەتینتر دەبێت».

لێرەدا لەم هەلومەرج و سەردەمەدا خۆشەویستی نەک هەر بەهای پیرۆز و ڕاستگۆیی لەدەست داوە، بەڵکو سەراپای سەرچاوەکانی ژیان و جوانی بۆگەنیان کردووە [کاسم، کاسم، کاسم، ئەو بۆگەنەی لە کتێبەکانم هەڵدەستا، بۆگەنی تابووتەکە، ڕزینی حەبیبە، ئەو بۆگەنەی تەواوی وشە و ڕستە و لاپەڕەکانی کتێبی خۆشەویستی لەسەردەمی کۆلێرادا داپۆشیبوو، سییەکانمی هێندە ئاخنیبوو خەریک بوو بتەقن، ئای وەرزی بۆگەنی مرۆڤەکان و کتێبەکان چەند لەیەکتر دەچن]، یان بە شێوازێکی تر چەمکی خۆشەویستی لە هاوکێشە و ڕوانینی ڕۆمانی زێبرادا لە ماڵی ئیرۆتیک و پۆرنۆ و چێژی حەرامدا نیشتەجێیە، سەیری گەمەی جەستەیی کچۆڵە سۆزانییەکە و گێڕەرەوە بکە چۆن لەو ژوورە پیس و پۆخڵە و لە نزیک پیرەمێردە ئیفلیجەکەی سەر عەرەبانەکە سێکس دەکەن، ئەگەر بە ڕوانینێکی «لاکان»ی لە پێوەندی خۆشەویستی نێوان کچ و کوڕ بڕوانین لە کردەی سێکسیدا، هەر یەکێک بە تەنیا و بۆ خۆی خەریکی چێژ بردن دەبێت، بە واتایەکی تر لەنێو پێوەندییە سێکسییەکەدا، دابڕانێکی چێژئامێزی تاکەکەسی دێیتەکایەوە، یان ڕوونتر بڵێم چێژ لە گەمەیەکی ئارەزوومەندانەی دووانەیی و لە دابڕانێکی پەیوەستییەکی چەند خولەکیدا خەسڵەتێکی خودی و خودگەرایی وەردەگرێت، لە ڕوویەکی دیکەوە دەق ئاماژە بۆ کۆمەڵگایەک دەکات کە لە ڕێگەی نیشتەجێبوونی مایکرۆ دەسەڵاتەوە بە چەمکی «میشێل فووکۆ» لە سەنتەر و قووڵایی کۆمەڵگادا، دامودەزگا و ڕێکخراوە جۆراوجۆرەکان بۆ پاراستنی بەرژەوەندی و دەسکەوتەکانیان لە ململانێیەکی کوشندەدان، ئەمەش بۆتە هۆی لە دەستدانی بەها ئیستێتیکی و ئێتنیکییەکان، لەبەر ئەمەیە خودی خۆشەویستی وەک «ڕیاڵ» بە چەمکی «لاکان»ی لە جەوهەری داماڵراوە، چەشنی قاوەی بێ کافایین و بیرەی بێ ئەلکهول، بوونی هەیە، ئەم دیاردەیە دوای ڕووخاندن و نۆژەنکردنەوەی ئوتێلی سالووک و لانەوازەکان بەدیار دەکەوێت، چۆن خاوەن کۆمپانیا فرەڕەگەزەکان و بەڵێندەرەکان لە ئوتێلە پێنج ئەستێرەکەییەکەدا کۆڕ و کۆبوونەوە و کۆنگرەی بازرگانی دەبەستن و بەڕستە و وشە و دەستەواژەی

جۆراوجۆر بەشداری لە نووسینەوەی ڕەشنووسی سیناریۆی سەرۆک دەکەن، گێڕەرەوە، یان نووسەری سیناریۆی فیلمی فەرماندە، سەرۆک، پێشەوا، سەرکردە، خوێنەر ئازادە هەر چ ناوێکی لێ بنێت، خۆی دووچاری ڕزینی عیشق هاتووە، ئەوەتا لەبەردەم کابرای ئیفلیجی سەر عەرەبانەکەدا لەگەڵ کچۆڵە سۆزانییەکە دەگەوزێ و بۆتە لەتێک لە ئاگری شینی لیبیدۆیی و چەمکی مرۆیی و یەکسانی و دادپەروەری لە دەست داوە، هەر چۆنێ بێ دەیەوێ بگەڕێتەوە نێو ماڵبات و خانەوادەکەی، بەڵام ئەم تازە کەوتووەتە نێو تۆڕێک، یان زنجیرەیەک لە هێز و وزەی پێوەندییە جۆراوجۆرەکانی مایکرۆ دەسەڵاتەوە، کۆمەڵگا لە ململانێیەکی بەردەوامی پاراستنی سوود و قازانج و بەرژەوەندیدایە و خاوەن ئوتێلەکەش بەهەمان شێوە دەیەوێ سوود لە پیاوانی وردە دەسەڵات وەربگرێت و ئوتێلە کۆنەکەی بڕووخێنێت و بەجوانترین و مۆدێرنترین دیزاین دروست بکاتەوە، بەڵام گێڕەرەوە کە ئێستا سەرقاڵی نووسینی سیناریۆی سەرۆک و فیلمسازییە، دەق لە ڕێگەی بنیادی میتاگێڕانەوەوە هەوڵ دەدات فەنتازیایەکی ڕوون بخوڵقێنێت کە تێیدا خەیاڵ بە تەنکی بلەرێتەوە، فەنتازیای دەستاودەستکردنی ڕەشنووسی سیناریۆکە، نووسەری سیناریۆکە لە هەمان کەشی سێکسیدا دەکەوێتە وڕێنەکردن و قسە بزڕکاندن، پاشان بە دەنگێکی بڵند هاوار دەکات: من کۆنتراستم؛ کۆنتراست، واتە جیاواز، دژ، پێچەوانە، ئۆپۆزسیۆن.. دەیەوێ لە واقیعی قێزەونی کچە زەردەکە و پیاوە ئیفلیجەکە جوانی بخوڵقێنێت و فەرماندە لە باری ڕزین و قێزەونی دەرباز بکات، جا کردەی نووسین چییە؟ سەرۆک، یان فەرماندە کێیە؟ بوونەوەرێکی کاغەزییە! دانەر لە ڕێگەی خەیاڵ و فەنتازیاوە خوڵقاندوویەتی، ڕەنگە نووسین خوڵقاندنی ڕستێک نیشانە بێت لە پێکهاتە و سیستمی زماندا، هاوکات لەنجەی هزر و حەشیشی هەست و تێڕامانێکی فەلسەفییە لە گۆشەگیری و تەنیاییدا، تێڕامانە لە چەمکی جوانی و مەرگ و جووڵە جیاوازەکانی کۆمەڵگا، بیرکردنەوەی «دازاین»ـە لە چۆڵ و بەڕیای بوون و تۆمارکردنی چرکەکانی نیگەرانییە.

دانەر دەیەوێ خودی سەرۆک لە مەینەتییەکانی ڕزین ڕزگار بکات و بیهێنێتەوە نێو کانگای شار و کۆمەڵگا و ژیانەوە، بەڵام ژیان چییە؟ [کابرای ئیفلیج دیسانەوە کوندەیەک میز هەڵدەڕێژێ] [هالاوی بۆگەن لە ماڵی عەشقەوە دوام دەکەوێ] [توندتر لە بۆگەنی کتێبەکانم، قورستر لە ترس و زبڵی وشەکان، مەترسیدارتر لەو هەموو مەیتە ڕزیوەی سەر شەقامەکانی جیهاد و لاپەڕە کۆنەکان، بۆگەنی ماڵی عەشق هەموو شوێنێ دادەپۆشێ] هێدی هێدی هەستێکی هیچگەرایی تێکەڵ بە هزر و خەیاڵی دانەری سیناریۆکە دەبێت [بۆگەنی عەشق دەچێتە ناو کرۆمۆسۆماتەکانەوە و نەوە بۆ نەوەی دەگوازێتەوە].. [دەرگای هەر ماڵێک، هەر دەزگا و نووسینگەیەکم دەکردەوە، بۆگەنی ڕزینی عەشق شالاوی بۆ دەهێنام] دانەری سیناریۆکە ڕووەو ئوتێلەکە ڕا دەکات، ئوتێلی پێنج تەرسەقولی، ئوتێلێک وەک نموونە و میناکێک «عینە» لە ناخی کۆمەڵگاوە وەرگیراوە و بە شێوازێکی سانا و فەنتازی خوڵقێنراوە، فەنتازیایەک بە سرووشتی لە سیاق و پێکهاتە و ئایرۆنیەت و پارادۆکسی زمانەوە هەڵدەقوڵێت و تێکەڵ بە کاردانەوە و پێچەوانەکردنی چیرۆکی یەکەم و تەکنیک و بنیادی میتادەق دەکرێت و بە کۆمەڵێک گرتە و دیمەنی جۆراوجۆر ڕووبەڕووی خوێنەر دەبێتەوە، من وەک خوێنەرێکی پێوار «غایب» لەبەردەم ئوتێلەکە وەستاوم و هەم سەیری دیمەنی دەستاودەستکردنی دەفتەری شینی سیناریۆکە دەکەم، هەم لە ژینگە و واقیعی ئوتێلەکە ڕادەمێنم و دەمەوێ واتای دواخراوی دەق دەسگیر بکەم، کەچی واتای دواخراو و شاراوە، بە ئاسانی خۆی بەدەستەوە نادا.

ئاخر تا دێ دەفتەرە شینەکە لەنێوان سەرنشینەکانی ئوتێلەکە دەستاودەست دەکات و هەریەکێ لەمانە ڕستەیەک، دەستەواژەیەکی بۆ زیاد دەکات، دەفتەرێک لەنێوان حەمەی سەرشێت و خاوەنی ئوتێلەکەو بەردەستە لووسکەکە و شاگرد و گۆرگیسی عەرەقفرۆش و تلیاکی و سۆزانی و حەشیشە کێشەکاندا دەستاودەست دەکات، بەخستنە سەر و زیادکردنی ڕستەکان، واتای دەقی سیناریۆ کە گۆڕانکاری بەسەردا دێت و دوادەخرێت و واتای کەسایەتی فەرماندە لە واتای کەسایەتییە هاودژەکانییەوە سەرچاوە دەگرێت و دانەری سیناریۆ کە وەک کەسایەتییەکی «پارانۆیا» سەری لە پەنجەرەکەیان دەکێشێ و مینا کە هاڕە دەکات: تۆ وەرە، لە کەشێکی ئاوا قێزەون و بە ژاوە ژاودا ژیانی ڕێکوپێکی فەرماندەیەک بۆ سیناریۆ و فیلمسازییەک ئامادە بکە، ڕەنگە ژینگەی زێبراکان زۆر لەم نێوەندە پاکتر و جوانتر بێت، دەق بەدوای ڕاستییەکدا دەگەڕێت کە چەمکی ڕاستی لە بنەڕەتدا بوونی نییە، مرۆڤ ناتوانێت

هەڵسوکەوت و ڕەفتار و پێوەندییەکانی خۆی ڕێک بخات، ئەمجار وەرە کۆمەڵێک یاسا و ڕێسا و بەرنامە بۆ ژیان و ڕەفتار و هەڵسوکەوتی فەرماندەیەک دابڕێژە و لە ئەشکەوتێکەوە بیهێنەوە نێو شار، لە کوێ؟ لە ئەتمۆسفێری پڕ ژاوەژاوی ئوتێلێکدا، لەنێوەندی خەڵکانێکی ڕەفتار جۆراوجۆردا، دەفتەری شینی سیناریۆکەت ون کردبێت، یان ڕاستتر بەدەست ئەوانەوە بێت و هەریەکێ ڕستەیەکی بخاتە سەری، ئوتێلچی نەگریس هەتیوبازە و دەچێتە پایتەخت و لە مەلهاکاندا ڕۆژدەکاتەوە! من وەک خوێنەرێکی پێوار و ئازاد ئاگام لە گریمانەکانی دانەر نییە و دەمەوێ واتا شاراوەکانی میتازمان بدۆزمەوە، ئاخر نووسین چییە، جگە لەتێڕامانێکی قووڵ لە واتای ڕووکەش بوونی مرۆڤ و یاریکردن بە دەلالەتە سپییەکانی زمان، فەرماندە وێسکی دەخواتەوە و پیاوە چاپلووسەکانی دەوروبەری دەیلاوێننەوە، ئوتێلچی دەفتەرە شینەکە دەخاتە بەردەمی و ژیانی سەرۆک دەنووسێتەوە، من نا، دانەر، بەخۆی ناوەستێ و بتڵێکی پڕ عەرەق دەکێشێ بە سەری ئوتێلچییەکە، یان کوڕە لووسکەکە لەتۆڵەی وەستاکەی بۆکسێک لە دەمی دەدات.. ڕووداوەکان بەشێوەیەکی زنجیرەیی ڕێ دەکەن، دوای لێدان و کوتینێکی زۆر خۆی لە نەخۆشخانەدا دەدۆزێتەوە، بە پێویستی نازانم سەرجەم ڕووداوەکان بگێڕمەوە، زیاتر وەک گرتە و ئیماژە، ئاماژەیان بۆ دەکەم.

ڕۆمانی زێبرا لە بنیادی ڕووکەشدا لە مەینەتییەکانی نووسین دەدوێت، بەڵام لە بنیادی قووڵدا لە تراژیدیای بوونی مرۆڤ، بە تایبەتی لە کۆمەڵگایەکدا سەرجەم نرخ و بەها مرۆییەکانی تێدا لە دەست دراوە و دەسەڵاتی دراو (پارە) سەراپای کۆمەڵگای کۆنترۆڵ کردووە، کەواتە سەبارەت بە دانەر- ئەوە منی نووسینە لە مەینەت و تراژیدیاکانی ژیاندا، زمان دەدوێنێ و گەمەیەکی فەنتازی و ئیستێتیکی ئەنجام دەدات و هەوڵ دەدات لە ڕێگەی کۆمەڵێک تەکنیکی جۆراوجۆری سەر بە تێزی پۆست مۆدێرنی وەک میتادەق و هایپەرتێکست و دەقئاوێزان... بوار بۆ بەشداریکردن و بەرهەمهێنانی واتایی خوێنەر بهێڵێتەوە، ئیتر گێڕەرەوە، یان سیناریۆ نووسی فیلمی سەرۆک لە ڕێگەی کارلێک و ئاوێتەبوون و پێچەوانەکردنەوەی ڕووداوەکان و گەڕانەوە بۆ سێنترالیزمی خود و نەرجسییەت و بەکاربردنی تەکنیکی میتاگێڕانەوەوە بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی دەبێتە پاڵەوانی ڕاستەقینەی ڕۆمانی زێبرا، لە بەندیخانەدا ڕستە دەگمەنەکەی کچە زەردەکە، یان کچۆڵە سۆزانییە بەدبەختەکە، کە لە زۆر لایەن و ڕەهەندی ژیانەوە لە «سۆنیا» دەکات، سەراپای زەینی داگیر دەکات [خەڵکینە ئەوە مێردمە]. دەق لە خوڵقاندنی هەندێ کەسایەتی و دیمەن و پێوەندیدا، بەشێوازێکی تەمومژاوی و ئاڵۆز کاری کردووە، پێوەندییەکان بە ئاسانی خۆیان بەدەستەوە نادەت، بۆ نموونە پیرەمێردە ئیفلیجەکەی سەر عەرەبانەکە، کە پاشان دەمرێت و کچە زەردەکە شینی بۆ دەگێڕێت، یان پێوەندی کچە زەردەکە و خودی سیناریۆنووس، دیار نەمانی کوڕەی عاشق.. ئەمانە چەند خاڵێکی ئاڵۆزن و وەرگر بۆی هەیە بەپێی ڕاڤە و لێکدانەوەی خۆی بۆشاییەکان پڕ بکاتەوە و پێوەندییەکان دیاری بکات و واتای نوێ بە دەق ببەخشێت، فەنتازیای دەق هێدی هێدی دەگوازرێتەوە نێو بەندیخانە و ژیان و ئەتمۆسفێری بیرکردنەوەی یەکە یەکەی بەندییەکان دەگرێتەوە، دەفتەرە شینەکەی سیناریۆی سەرۆک کەوتووەتە دەست بەڕێوەبەری پۆلیس و کۆمەڵێک خەڵکی جۆراوجۆرەوە، دەیانەوێ بەرەو ژینگە و دەوروبەر و ئاراستەی گومڕا و شەللاتی و سەرسەری و هەتیوباز و حیز و قەحبەکانی بەرن، ئاخر چۆن دەبێ بوونەوەرە هیچوپووچ و بێ بەهاکان، دەسکاری سیناریۆی ژیانی فەرماندە بکەن، پاڵەوانی ڕاستەقینەی زێبرا کەسێکی نیگەران و گومانکارە، بەشێوەیەک پەیوەستە بە دەفتەرە شینەکەی سیناریۆکەوە، چێژ و خۆشییەکی لە ڕادەبەدەری لێ دەبینێت، واتە چێژ نووسینی سیناریۆکە چێژ و خۆشی گەمەی جەستەی هاوسەرەکەی لەبیر بردووەتەوە، مەبەستم ئەو پێوەندییە چێژ ئامێزەیە کە «ڕۆلان بارت» لە بواری جۆری دووەمی چێژ و ڕەخنە باسی لێوە دەکات.

لە لاپەڕەکانی پێشوودا لەم بابەتە دواوم، یان بە شێوازێکی تر سیناریۆنووس کە لە پاڵ کەسایەتی سەرۆکدا خۆیشی پاڵەوانی چیرۆکی دووەم و سیناریۆکەیە، نووسەرێکی ئالوودە و موعتادە بەنەشئە و چێژی حەشیشی نووسینەوە، ئەو چێژەی لە خوێندنەوەی کتێب و نووسین وەری دەگرێت، لەو چێژە کاریگەرترە کە لەگەمە ئیرۆتیکییەکاندا لە جەستەی هاو ژینەکەی دەیبا، ئەم هاوکێشەیە سەد دەر سەد لەگەڵ ڕوانینەکەی «ڕۆلان بارت» تێکدەکاتەوە، بۆیە لە دەسپێکی نووسینەوەدا، هاوژینەکەی غیرەی لێ دەکات و ئیرەیی پێ دەبات، بە بیانووی ئەوەی کتێب دەخوێنێتەوە و هەوڵ دەدات کتێب

و کتێبخانە تایبەتییەکەی لەنێو ببات تا بیگەڕێنێتەوە نێو باوەشی خۆی و ماڵاوایی لە جیهانی کتێب و خوێندنەوە بکات و بەیەکەوە سێکس بکەن و بگەنە ترۆپکی چێژ و ئۆرگازم، کەواتە دەقی زێبرا لە بنەڕەتدا هەڵگری بنیادێکی ئیرۆتیکییە و زۆربەی دیمەن و وێنەو گرتەکان بەپێوەندیگەلێکی سێکسی ڕووبەڕووی خوێنەر دەبنەوە، مەبەستم ئەوەیە مەینەتی نووسین لە زێبرادا دەکەوێتە خانەی دارایی و سێکسییەوە، وشەی زێبراش بەپێی بەکاربردنی نێوکۆیی ڕستە و دەستەواژەکان،، فرە دەلالەتییە، بەپێی ڕەوتی ڕستە، واتاکەی دەگۆڕێت، لە زینداندا کاتێ پاڵەوانی چیرۆکی دووەم و سیناریۆکە بیجامەیەکی شینی خەت خەتی لەبەردایە، کتومت لە زێبرا دەکات، [من هێشتا بیجامەیەکی خەت خەتی فش و کورتم لەبەر بوو تەواو وەک پێستی زێبراکان، هەروەک ئەوانیش پێمەوە نووسابوو] بەندیخانەکە، لە زۆر ڕووەوە لە ئوتێلی گومڕا و لانەواز و بێچارەکان دەکات، پێکهاتەیەکی سەیر و سەمەرە لە مرۆڤگەل، کارمەندەکانی بەندیخانە بەنیازن دەسکاری سیناریۆی ژیانی سەرۆک بکەن، ئەگەر بەندییەکانیش بۆیان بڕەخسێت بەشداری لە نووسینەوەی ژیانی فەرماندە دەکەن و هەر نەبێت بەشێک لە حەز و ئارەزووی خۆیان تێکەڵ بە نووسینەکە دەکەن و وا دەکەن فەرماندە تۆزێ دابەزێتە نێو ژیانی لات و پەراوێزخراوەکانەوە.

ڕۆمانی زێبرا ئێستا خەریکە ناوی کچە زەردە عاشقەکە دەدرکێنێت، ئەو کچەی لەبانی مزگەوتەکە و لە نزیک گەڵا مێوەکاندا سەری کوڕە گەنجە عاشقەکەی بە فەتارەت دا، ئێستاش لەگەڵ ئوتێلچییە هەتیوبازەکە عەرەب گوتەنی [دوو سمتن لەیەک ساتاندا] بەڵێننامەی بۆ سیناریۆنووسە گیراوەکە نووسیوە و بە واژۆی ئەو لە بەندیخانە بەرەڵا کراوە، کچەی عاشق کە لە پەنای پیرەمێردە ئیفلیجەکەی سەر عەرەبانەکە سێکسی دەکرد و ڕۆژانەش لە ئوتێلەکە خەریکی سێکسفرۆشی، یان لەشفرۆشی بوو، ناوی ڕاستەقینەی [مەریەمی مەلا مەولانی مردووشۆرە] دەکرێ لە دەلالەتی ناوی کچە و باوکییەوە بگەین بە پاکی و پاکیزەیی کچە زەردە عاشقەکە و پیلانی مەلا توندڕەوەکانیش کە بە نهێنی کوڕە عاشقەکەیان لەنێوبرد، ناوەکان لەخۆوە دەدوێن و چەمک و نهێنییەکان دەدرکێنن، مەریەم دەفتەرە شینەکەی بەدەستەوەیە [بێنە چارەنووسی لە کوڕەی عاشق باشتر نابێت!] دەیەوێ هەر چۆنێ بێ، دەفتەرەکە لە بن باڵی کچە دەربێنێت، بەڵام دوودڵ و ڕاڕایە، کەچی سوورە لەسەر ئەوەی فەرماندە، لەم هەلومەرجە نالەبارەدا ڕزگار بکات، بەڵام سەردەمەکە گۆڕاوە، ئوتێلچی پێی دەڵێ: ئێستا سەردەمی مەستی و ژن و تلیاک و پارە و بازرگانییە، ئوتێلچییەکە بەوپەڕی ڕاستگۆیی لە گەندەڵییەکانی دەدوێت و ئوتێلەکەی دەڕووخێنێت و لەدەست لات و لانەوازەکان ڕزگاری دەبێت و ئوتێلێکی پێنج ئەستێرەیی بنیاد دەنێت و دەبێتە شوێنی حەوانەوەی بەرپرس و بازرگان و خاوەن کۆمپانیا خۆماڵی و بیانییەکان، دەق زۆر بە وردی و بەشێوازێکی سایکۆلۆژی کار لەسەر ڕەفتاری کارەکتەرەکان دەکات، سیناریۆنووس لەلایەک دەیەوێت بەرنامەیەکی ڕێکوپێک و تۆکمە و دادپەروەر بۆ ژیانی داهاتووی سەرۆک دابڕێژێت، لەلایەکی تر حەز و ئارەرووزی بە چێژی حەرام دەوروژێت، چەند بەختەوەرە کاتێ کچەی عاشق وەک سۆزانییەک لە ئامێز دەگرێت و بەیەکەوە سێکس دەکەن، ئاماژەیەکی شاراوە لە دوو تووێی دەقدا ئەوە دەدرکێنێت کە مرۆڤ ئەو بوونەوەرە عەقڵانی و ئایدیۆلۆژی و دادپەروەر و ئازادیخوازە نییە، کە دیوی دەرەوەی کەسایەتییەکەی نیشانی خەڵکی دەدات و داوای مافی ئافرەت و ئازادی دەربڕین و یەکسانی و کۆمەڵگای مەدەنی و خۆشگوزەرانی دەکات، بەڵکو خاوەن ناخود ئاگا پێکهاتەیەکە لە غەریزەی سێکسی، ناخود ئاگاش وەک پێشتر ئاماژەم بۆ کرد بە ڕوانینی «لاکان» پێکهاتەیەکی زمانی هەیە و بەشێوازێکی تایبەتی بیردەکاتەوە، کەواتە مرۆڤ ئەو بوونەوەرە پاک و ڕاستگۆ و بێگەردە نییە، ڕەنگە لە هەندێ چرکەدا نەتوانێت بەسەر حەز و ویست و ئارەزووە سێکسییەکانی زاڵ بێت، یان بە شێوازێکی تر بەشێکی زۆری بڕیارەکانی لەناخود ئاگاوە سەرچاوە دەگرن، کەواتە مرۆڤ ئەگەر لە ناخەوە دڕندە و چەپەڵ و ئیرەیبەر و بەرژەوەندخواز و ڕووبین نەبوایە، لەنێو نەدەچوو! سیناریۆنووس خۆی لەنێو بانیۆی ئوتێلی دیپلۆماتکارەکاندا دەدۆزێتەوە، سێ کچی جوانی بەنگلادێشی، کۆری، تورکی، نیوەڕووت دەیشۆن و مەساجی بۆ دەکەن، بانیۆیەک پڕ لە شامپۆ و کەفاو لێرە لەم ئوتێلە پێنج ئەستێرەییەدا ڕەوتی فەنتازیا کە سەر بە تەکنیکی میتاگێڕانەوەیە، شێوە و ستایلی جۆراوجۆر وەردەگرێت، کچەی نامرادی عاشق بەدەوری بانیۆ پڕ کەفاوەکەدا دەخولێتەوە، دەق ئاماژە بۆ ناوی نووسەرگەلێکی جیهانی لەوانە شکسپیر و

تۆلستۆی...تاد لەو، یان لە ئەتمۆسفێرە فەنتازییەکەدا بەشێوەی گرتەی سینەمایی دەردەکەون، گرتەکان سەر بە چرکەکانی نوستالیژیان، لەماڵەکەیدا و لەنێوانی ماڵباتەکەدا لە کاتی شۆردن و پاککردنەوەی حەوشە و ژوورەکان بەشێوازی فلاشباک و ڕستێک وێنەی سوریالی دەردەکەون، نووسەرەکان دەکەونە بەر ماسیحە و فلچە و گەسکی زبری پاککردنەوە و کتێبەکانیان لە کەفاوی سابوون و تایت و موعجیزە و زاهیدا دەتلیسێنەوە، ژنێک ڕیشە سپییەکەی جۆرج بەرناردشۆی بەدەستەوە گرتووە...تاد.

ئەمانە کۆمەڵێک وێنەی دیمەنی پارادۆکسین لەنێوان ئەوسا و ئێستای ژیانی نووسەر دەخرێنەڕوو، کەچی سیناریۆنووس لە ئوتێلە پێنج ئەستێرەییەکە و لەنێوان کچەی عاشق و ئوتێلچی پایەدار خاوەن کۆمپانیا خۆماڵی و بیانییەکاندا بەدوای دەفتەرە شینەکەیدا دەگەڕێت، ئەگەر ئەوسا سەرجەم خانەوادەی نووسەر هەوڵیان دەدا ماڵەکە لە بۆگەنی ڕزینی کتێب و کتێبخانەکە پاک بکەنەوە، ژنانی گەڕەک بە گەسک و ماسیحە و فلچە و تایت و زاهی کووچە و کۆڵانەکانیان دەشووشتەوە، گوایە بۆنەکە لە کتێبخانەکەوە سەرچاوەی گرتووە.

ئێستا بۆگەنییەکە چەشنی پەتای تاعوونی کامو تەشەنەی کردووە و هەموو شوێنێکی تەنیوەتەوە، چونکە ناخی مرۆڤەکان بۆگەنی کردووە و تازە هێزی فاس و موعجیزە و زاهی و تایت داد نادات، بۆگەنیو هەموو شوێنێکی گرتووەتەوە، ئەوەتا لە ئوتێلەکە دەفتەرە شینەکەی سیناریۆی ژیانی فەرماندە دەستاو دەست دەکات و ئەوەی هەڵدەستێ دێڕێکی بۆ زیاد دەکات، دەقی زێبرا درێژە بە ڕەگەزی فەنتازیاکە دەدات و هەوڵ دەدات سەرۆک بگەڕێنێتەوە ناو ژیانی ڕۆژانە و لە پارک و قاوەخانەکان بگەڕێت و بە ئازادی بژێت، بەڵام شاڵاوی پاککردنەوەی گەڕەک بەردەوامە و ماڵەکەش خاوێن کراوەتەوە [ڕەوەیەک زێبرای تێدا بەخێوکە بە ساڵێک پیس نابێتەوە.]

ڕۆمانی زێبرا زۆر بە وردی کار لەسەر لایەنی پیسی و چەپەڵی و درندەیی‌بوونی مرۆڤ دەکات و لە دوا بەشیشدا، دانەر ئازادییەکی ڕەها بە وەرگر دەبەخشێت بۆ هەڵبژاردنی هەر ناوێک بۆ سەر کێلەکەی، ڕەنگە زێبرا لە زۆر ڕەهەند و ڕووەوە لە مرۆڤ پاقژتر بێت، بەم جۆرە ڕۆمانی زێبرا تێکستێکە لە ڕێگەی میتاگێڕانەوە و هایپەرتێکست و دەقئاوێزانەوە لە خۆرهەڵاتی ناوین بەگشتی و کوردستان بە تایبەتی لە مەینەتییەکانی کردەی نووسین دەدوێت و لەپاڵ تێماکەشدا، کۆمەڵێک پرسی جۆراوجۆر دەورووژێنێت، دەتوانم بڵێم دەقی زێبرا لە ڕووی هزری و گەمەی تەکنیکییەوە هەڵگری پرشنگگەلێکی هزری ئۆنتۆلۆجی و نیهلیستییە، دەکەوێتە خانەی ڕۆمانی پۆست مۆدێرن، چونکە هەوڵ دەدات هەژموونی دەسەڵاتی گێڕانەوە گەورەکان هەڵبوەشێنێتەوە، هاوکات پووچێتی بوونی مرۆڤ دەخاتەڕوو، زێبرا گەمەی - دازاین-ە لە ئەتمۆسفێری پڕ مەینەت و ژاوەژاوی جیهاندا، ڕاستگۆیی و دادپەروەری جگە لە وەهمێکی شین، شتێکی تر نین، دواجار چارەنووسی عیشق و کتێب و نووسینیش بەهەمان حاڵەت دەگات، وشەی زێبرا وەک ناوونیشانی یەکەمی ڕۆمانەکە، چەندان دەلالەتی جیاوازی لەخۆ گرتووە، لەم خوێندنەوەیەدا چەند دەلالەتێکم شی کردووەتەوە و لە واتاکانیان دواوم، ئەوجار لێرەدا کۆتایی بە خوێندنەوەکە دەهێنم و لەوانەیە وەرگرێکی تر بێت و بە دید و ڕوانینێکی جیاواز ڕۆمانەکە شی بکاتەوە و واتای جیا جیای پێ ببەخشێت، یان بەشێوەیەکی قووڵ و ئازاد کار لەسەر ناوونیشانی دووەمی ڕۆمانەکە بکات کە بریتییە لەم دەستەواژەیە [ناوێک بۆ سەر کێلەکەم]، چونکە من زیاتر کارم لەسەر ناوونیشانی یەکەمی کردووە و ناوونیشانی دووەم وەک پێشنیاری دەق و کردەی نووسین بۆ بەشداریکردن و ئازادی و هەڵبژاردنی وەرگر جێ هێڵراوە، واتە وەرگر دەتوانێت هەر ناوێک بۆ سەر کێلەکەی دانەر هەڵبژێرێت، لە هەمان کاتدا بۆی هەیە لە ڕێگەی چێژی دەق و خەیاڵبردنەوە، مەرگی دانەر ڕابگەیەنێت و هزر و تێڕامان و دنیابینییەکانی خۆی بنووسێتەوە و دیالۆگێکی هزری و فەلسەفی لەگەڵ دەقە کۆچەرەکانی جیهانی دەقئاوێزاندا بسازێنێت.

**سەرچاوە:**

**کتێب: زێبرا، ناوێک بۆ سەر کێلەکەم**

**نووسەر: جەبار جەمال غەریب**

**بابەت: ڕۆمان**

**نۆبەتی چاپ: یەکەم/ ٢٠١٤**

**چاپخانە: رجایی، تاران**

**ناوەندی ڕۆشنبیری و هونەری ئەندێشە.**

**دەقی زێبرا لە ساڵی ٢٠١٣ نووسراوە.**